دیبلۆماسیەتی کوردی و سەردانەکەی ئەحمەدی نەژاد بۆ عێراق

لە دوای تێپەڕبوونی ٢٩ساڵ بەسەر مێژووی شۆڕشی کۆماری ئیسلامی ئێراندا،ئەمە یەکەمین جارە بەرپرسێکی باڵای ئەم وڵاتە بە سەرۆکایەتی ئەحمەدی نەژاد و وەفدێکی یاوەری گەیشتنە عێراق،ئەم سەردانە لە وەڵامی بەنگێشتێکی فەرمی ڕێزدار مام جەلال تاڵەبانی سەرۆکی کۆماری عێراقدا بوو،لەدوای ڕووخانی ڕژێمی سەدام حوسێن و هەڵوەشاندنەوەی نیزامی پارتی بەعس و سوپاکەی لە ئازاری ساڵی ٢٠٠٣دا لە لایەن وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا و فرە ڕەگەزەکانەوە بوو،ئێران تاکە دەوڵتی ئەقلمیی یە کە توانی لە هەموو دەوڵەتەکانی تری ناوچەکە سودمەند بێت لە سەپاندنی هەژموونی خۆی بەسەر عێراقدا لەڕووی سیاسی و سەربازی و ئابوریەوە،سەرۆک کۆماری ئێران ئەحمەدی نەژاد بە ڕۆژی ڕوناک و لە بەرچاوی هەموو دونیا و میدیاکانەوە سەردانەکەی پێشتر ڕاگەیاند و کاتی سەردانەکەشی دیاری کرد و بەهێزی سوپای عێراق و هێزی پێشمەرگەی کوردستان پاسەوانی ئەمنی کرا بەبێ بەشداری یەک سەربازی ئەمەریکا و فرە ڕەگەزەکان،بۆیە بمانەوێ و نەمانەوێ ئازایەتی و جورئەتی ئەحمەدی نەژاد دەردەخات و باوەڕێکی تەواویشی بە پێگە و کاریگەری نفوزی خۆیانە لە عێراق و دیسان دڵنیاشە لەگەڵ ئەو پەیوەندیە مێژویەی ئێران لەگەڵ دۆستەکان کە پارتە شیعەکانن بە پلەی یەکەم و پارە کوردیەکانن بە پلەی دووەم دێن،ئەم سەردانەی ئەحمەدی نەژاد بۆ عێراق لەلایەن ئێرانیەکانەوە پشتیوانیەکی زۆری لێکرا و بەسەردانێکی سەرکەوتوو وەسف کرا و پێیان وایە دەسکەوتێکی گەورەی سیاسی و ئابوری و پەیوەندی نێوان هەدوو وڵاتەکەتیش بەرەو ئاسایبوونەوەیەکی باش دەچێت،گومانی تێدانی یە ڕژێمی بەعس هەر لە سەرەتای هاتنی شۆڕشی ئیسلامی کۆماری ئێرانەوە دژایەتی کراوە، پەیوەندی نێوان هەدوو وڵات تێک چووە و دواتریش شەڕێکی هەست ساڵەی ماڵوێرانکەر لە نێوان هەردوو ووڵات ڕووی داو هەردوو گەلی عێراق و ئێرانیش باجی ئەم شەرەیان دا،لەم سەردانەدا سەرۆک کۆماری ئیسلامی ئێران (ئەحمەدی نەژاد) دەیەوێ بە هەموو دونیا و دەوڵەتانی ناوچەکە و هێزکانی فرە ڕەگەز و ئەمەریکیەکانیش بڵێ ئەوە ئێمە لێرەین وە بەرژەوەندی گەورەیی ئێمە و عێراقیەکان بەیەکەوە گرێدراوە و ئێمە دەسەڵاتێکی گەورە و کاریگەری گەورەمان هەیە لەسەر عێراقیەکان و بەبێ ئێمەش سەقامگیری سیاسی ئاسایسی و ئابووری لە عێراقدا جێگیر نابێت،ئەوەی پێشتر لە ڕاگەیاندنەکانەوە لە بابەت سەردانەکەی سەرۆک کۆماری ئێرانەوە گوێبیست بوین کە ئەحمەدی نەژاد سەردانی کوردستان و بە تایبەتیش شاری هەولێری پایتەخت دەکات،بەڵام دواتر لە ئەجێندای سەردانەکەیدا کوردستان بێ بەش بوو لەو سەردانە دیبلۆماسیە،من پێم وایە ئەگەر سەرۆک کۆماری ئێران سەردانی کوردستانی بکردایە ئەوا ڕاستەوخۆ دەوڵتی ئێران دانی بە شەرعیەتی دەوڵتبوونی کوردستاندا دەنا،بۆیە ئەم سەردانە ڕەت کرایەوە زۆرترین بۆچون وایە کە فشارەکان لەلایەن دەوڵەتانی ئەقلیمیەوە بوو بێت و هێرشی دەوڵەتی تورکیاش هەر هەرەشەیەکی جیدی بوو لە ئەزموونی باشووری کوردستان و بۆ چاوترساندنی دەسەڵاتی سیاسی باشوری کوردستان بوو پێکهاتەی سیستەمی سیاسی ئێستای عێراق کورد لە هەرەمی لوتکەی دەسەڵاتدایە وەکو پۆستی سەرۆک کۆمار و جێگری سەرۆک وەزیران و وەزیری دەرەوەش کە چەند پۆستێکی گرنگن بەدەست کوردەوەن بەڵام فراکسیۆنی کوردی لە بەغداد سودی لەم سەردانە وەرنەگرت،کەچی بەپێچەوانەوە فراکسیۆنی ئیتلافی شیعە تاکە فراکسیۆن بوو کە ئەحمەدی نەژاد بەتەنیا لەگەڵ (عبدالعزیز حکیم) سەرۆکی فراکسیۆنی ئیتلاف کۆبووەوە،ئەمجارەش کورد نەیتوانی لە سەردانەکەی سەرۆکی دەوڵتێکی گەورە و بەهێزی دراوسێ و هاوسنوری کوردستان پەیوەندیە دیبلۆماسی و ئابوریەکانی پتەو بکات،لە ئێستادا ئاماژەکان بۆ مەسەلەی ئەمنی بەگشتی چاودێران پێیان وایە بەرادەیەکی باش عێراق بەرەو ئارامی هێمنی هەنگاو دەنێت،بەڵام ئەمریکیەکان هێشتا دڵنیانین لە ئارامی و باری ئەمنی عێراق و دەڵێن ئەم ڕێژەیە جێ ی گومانە و بە فشەڵ ناوی دەبەن،لەدوای داگیر کردنی عێراق لەلایەن ئەمەریکیەکانەوە ،ئەم وڵاتە بۆتە جێ ی ململانێی زلهێزێکی وەکو ئەمەریکا و ئێران و چەند وڵاتی دیکەی ناوچەکە ،بەڵام ئێران کاریگەری جیۆپۆلەتیکی گەورەی هەیە لەسەر عێراق ق پەیوەندیەکانیشی لەگەڵ هێزە سیاسیەکانی ناو عێراق خاڵێکی ترە لە سەرکەوتنەکانی .بۆیە لە کۆتایدا ئەتوانین بڵێین لەم سەردانەی ئەحمەدی نەژاد دەسکەوتی سیاسی بۆ ئێران بەدەست هاتووە بە زەرەریش بۆ ئەمەریکا تەواو بوو.بۆیە پێویستە سەرکردایەتی سیاسی کوردیش ئیتر هەموو هەوڵە سیاسی و دبلۆماسیەکانی نەخاتە یەک سەبەتەوە و بەرنامەیەکی چروپری دبلۆماسی لەگەڵ هەموو وڵاتانی ناوچەکە و یەکێتی ئەوروپا و دەوڵەتی ئێرانیش وەکو وڵاتێکی گەورەی زلهێزی ناوچەکە پەرە بە پەیوەندی سیاسی و دبلۆماسی و ئابووریەکانی لەگەڵدا بەهێز بکات،چونکە دەوڵەتی ئێران وەکو وڵاتێکی دراوسێ و هاوسنوری کوردستان کاریگەری گەورەی لەسەر ئێستا و ئایندەی کوردستان دەبێت.

هۆشیار عەبدولرەحمان

باکوری کوردستان لە نێوان ڕووخانی کۆماری ئەتاتورکی و دروست بوونی تورکیای ئیسلامیدا

ئەوەی بزووتنەوەی باکووری کوردستان لە هی باشوور جیادەکاتەوە، هەبوونی بیرێکی کوردستانی نەتەوەییە، تیایدا هەموو پارچەکانی کوردستان بە یەک خاک دادەنرێت، سەرەڕای وازهێنانی بزووتنەوەی باکوور لە بیری سەربەخۆیی بەڵام کار هەر بۆی دەکرێت و لە نەخشەی سیاسی پارتەکانی باکووری کوردستاندا دەوڵەتێکی سەربەخۆی کوردستان بەدی دەکرێت. دروستبوونی گۆڕانکاری لە تەکتیکی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کوردستاندا لە باکوور هیچ کۆڕانکاری نەبووە لە سەر ستراتیژی ئەو بزووتنەوەیە. بە هەمان شێوە نزیکبوونەوە یان دووركەوتنەوەی ئەو بزووتنەوەیش لە ئەمریکا و بلۆکی سەرمایەداری لە ستراتیژی ئەو بزووتنەوەیە نەگۆڕیوە. بە پێچەوانەی بزووتنەوەی باشووری کوردستان کە هەورازی و نشێویەکی دیاریکراوی بە خۆیەوە بینیە و بە گوێرەی توندیی و لاوازیی پەیوەندیەکانیان بە عێراق و وڵاتانی ترەوە هەم تاکتیک و هەمو ستراتیژی خۆیان گۆڕیوە. بە واتایەکی تر دەتوانین بڵێین کە بزووتنەوەی باشوور ستراتیژێکی دیاریکراوی نییە و زیاتر لە گێژاوی تەکتیکدا دەژین. هەبوونی ئەو تایەتمەندیە وای کردوە کە بزووتنەوەی باشوور بەردەوام لە لووتکەوە کەڕاوەتەوە ژێر سفر. بە پێچەوانەی بزووتنەوەی باکوور کە لە دوای ساڵی ١٩٢٥وە جیاوازیەکی بنەڕەتی بە خۆیەوە بینیەوە، لە بەراوردا لەگەڵ بەشەکانی تری کوردستاندا. هەر بۆیەش وا چاوەڕوان دەکرێت ئەو بزووتنەوەیە بتوانێت سوود لە کۆڕانکریەکانی ناوخۆی تورکیا و جیهاندا وەربگرێت. ململانێی نێوان هێزەکانی سیاسی و سەربازی ناو تورکیا، گەیشتووتە ئاستێک کە لەوانەیە ببنە هۆی دروست بوونی گۆڕانکاری لە سیستەمی بەڕێوەبردنی تورکیادا. ئەو گۆڕانکاریانە پەیدابووی ئەمڕۆ نین، بەڵکو دەیان ساڵە پارتەکانی ناو تورکیادا کار بوو دەکەن. چاودێرانی سیاسی پێیان وابوو لە دوای لابردنی پارتی (بەختەوەری) نەجمەدین ئەربەکان لەسەر دەسەڵات بە بڕیارێکی دادگە، ئیسلامیەکان ناتوانن بگەڕێنەوە سەر دەسەڵات. بە هەمان شێوە چاودێران پێانوابوو سەرنەکەوتنی پارتی کۆماری **مەسعود یلماز** و پارتی دایکی نیشتمانی **تانسۆچیلەر** لە هەلبژاردنەکانی ساڵی ٢٠٠٢ دا، واتای ئەوە نییە کە بیری عەلمانیەت لە تورکیادا لاواز بووە و ئەو دوو پارتە خێرا دەگەڕێنەوە سەر دەسەڵات. بهەڵام نەک تەنیا ئەو دوو پارتە لە هەلبژاردنەکانی ٢٠٠٦ دا نەگەڕانەوە سەر دەسهڵات بەڵکو ئەو ڕێژەیەی هەیانیش بوو لەدەست دا.

گەڕانەوەی پارتە ئیسلامیەکان لە تورکیا بە شێوەی پارتی داد و گەشەپێدان لە ئەنجامی ململانێیەکی نێونەتەوەیی بوو لە نێوان ئەمریکا و چەند وڵاتێک لە لایەک و تیرۆریزمی جیهانی کە چەند ڕێکخراوێکی توندڕێی هەڵگری فکری ئیسلامی پێی هەڵدەسن، لە لای ترەوە. هەروەها لە ئەنجامی ئەوە بووە کە خودی ئەمریکا گەیشتووە ئەو ڕاستیەی کە تەنیا چارە بۆ مانەوەیان لە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست و ئاسیای ناوەڕاستدا پەنابردنە بۆ ڕێکخراوی میانڕەوی ئیسلامیی. چونکە بە گوێرەی جەندین لێکۆڵینەوە گەلانی ئەو ناوچەیە لە ژێر گوشاری بیری ئیسلامیدان و تەنیا بەو هۆزە دەتوانرێت دژایەتی تیرۆریزمی جیهانی بکرێت. کەواتە خودی ئەمریکا پشتگیری ئەو جۆرە ڕێکخراوە ئیسلامیانە دەکات کە ئامادەن بەرژەوەندیەکانی ئەمریکا بپارێزن و هاوکاری لە گەڵ ڕۆژئاوادا بکەن. بوونی تورکیا بە پایتەختی دواترین دەوڵەتی ئیسلامی، کە پەیوەندیەکی بەهێزی هەیە لە گەڵ ئاسیای ناوەڕاست و ناوچەی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست، تایبەتمەندیەکی پێی داوە. بە گوێرەی ئەو تایبەتمەندیە ئەمریکا دەیەوێت تورکیا بکاتە نموونەیەک بۆ وڵاتانی تری ئیسلامی وەک وڵاتە عەرەبیەکان و وڵاتانی تر. ئامادەبوونی پارتی داد و گەشەپێدان بوو هاوکاریکردن و مامەڵەکردن لە گەڵ ڕۆژئاوا و ئەمریکا و هەوڵدانی بە بوونی تورکیا بە ئەندام لەناو یەکێتی ئەورپادا، متمانەیەکی باشی داووەتە ئەمریکا سەبارەت دروست بوونی پەیوەندیەکی ستراتیژی لە نێوان ئیسلامی میانڕەو و ڕۆژئاوادا.

لەسەر ئەو بنەمایە وا دیارە بۆ ئەمریکا باشترە پارتی دادو گەشەپێدانی ئیسلامی فەرمانڕەوا بێت لە تورکیا، یانیش لای ئەمریکا جیاوازی نەبێت لە نێوان لایەنە عەلمانیەکانی تورکیا بە سەربازەکانیشەوە و لایەنە ئیسلامیەکان.

لە ژێررۆشنایی ئەو ڕاستیەدا، ململانێ لە نێوان پارتی ئیسلامی داد و گەشەپێدان و سەربازەکانی تورکیا گەیشتووە ئاستێکی بەرز و لە حاڵەتی وەرچەرخان نزیکبووتەوە. کەواتە تورکیا لە بەردەم گۆڕانکاریەکی بنەڕەتیدایە و چەند ئەلتەرناتیڤێک لە ئارادا هەن:

١- یان پارتی داد و گەشەپێدان بەردەوام دەبێت لە بردنی وەڵات بەرەو ئیسلامی بوون و لاوازکردن و کەمکردنەوەی دەسەڵاتی هێزە عەلمانیەکان و سەربازەکان. لەو حاڵەتەدا لایەنە کوردیەکان ناتوانن ڕۆڵێکی کاریگەر بگێڕن و دەوڵەتی کوردی پێک بێنن.

٢- یانیش ململانێ لە نێوان پارتی داد و گەشەپێدان و عەلمانیەکان و سەربازەکان، دەبێتە هۆی ڕۆدانی کۆدەتایەکی سەربازیی تیایدا سەربازەکان زاڵبوونی خۆیان و هێزە عەلمانیەکان دەسەپێنن. لەو حاڵەتەشدا کورد ناتوانن گۆڕانکاریەکی بنەڕەتی دروست بکەن.

٣- یانیش لە ئەنجامی یەکسان بوونی هێز، ململانێی نێوان دوو لایەنی سەرەکی لە تورکیادا دەبێتە هۆی دروستبوونی ناکۆکیەکی پتەو و هاوسەنک لە نێوان ئیسلامیەکان لە لایەک و عەلمانیەکان و سەربازەکان لە لای ترەوە، تیایدا وەڵات بەرە شەڕێکی ناوخۆ یان ململانێیەکی سیاسی شێوەی مان و نەمان دەڕوات.

زاڵ بوونی ئیسلامیەکان بەسەر سەرۆکایەتی کۆمار و وەزیران، هەرەسی لەشکری تورکیا لە باشووری کوردستان و داواکرنی بۆ داخستنی پارتی داد وگەشەپێدان، سێ ڕوداوی زۆر گرنگن کە نابێ وا بە ئاسانی بەسەریاندا بڕۆین و لێکدانەوە لە سەریان نەکرێت. پێویستە لایەنە کوردیەکانی باکووری کوردستان خۆیان بۆ ئەو قۆناخانەی سەرەوە ئامادە بکەن بەتایبەت قۆناغی سێیەم کە لە کاتی ڕودانیدا لە وانەیە بتوانرێت دەوڵەتی کوردی سەربەخۆ ڕابگەیەنرێت. دورست بوونی ئاژاوە و شەڕێکی ناوخۆ لە ناو تورکیادا پێویستی دروست بوونی دەوڵەتی کوردی دێنتە ئاراوە. هەرچەندە ململانێی نێوان هێزەکانی تورکیا بە درێژایی ٩٠ ساڵ شێوەی توندووتیژی بە خۆیەوە نەبینیوە، بەڵام نابێ ئەوەش لە بیر بکەین کە هیچ کاتێک تورکیا لە قۆناغێکی وەک ئیستەدا نەبووە، کە تیایدا لایەنێکی ئیسلامی لایەنکر بۆ ئەمریکا هەوڵ بدات کۆتایی بە دەسەڵاتێکی عەلمانی سەربازیی بێنێت کە ئەویش لایەنکری ئەمریکایە. لە باشترین حاڵەتدا ئەمریکا خۆی بێ لایەن ڕادەگرێت لەو ململانێیەدا و ئەنجامەکەشی لەوانەیە ببێتە هۆی دروست بوونی شێوەیەکی گەڕەلاوژێی سیاسی لە تورکیادا. بارودوخێکی ئاوایی بەدرێژایی میژوو گۆڕانکاری بنەڕەتی بەدواوە بووە، تیایدا نەخشەی سیاسی جیهان گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە. هەر بۆیەش لایەنە سیاسیەکانی کوردی دەبێ خۆیان ئامادەبکەن بۆ ئەو قۆناغە و کار بکرێت بۆ دروستکردنی.

هیشام ئاکرەیی

گەز

گۆشەیەکە فەهمی سلێڤانەیی دەینووسێ

دیک چینی ددەستەکێ دە ئاگرە و ددەستێ دی دا ئاگر کوژە!؟

شلۆڤە و پێشبینیێن زۆرینا نڤیسەر و سیاسەمەدارێن ڕۆژئاڤا لسەر بارودۆخێ عێراقێ ڕەش بینەک پێڤە دیارە و بەلکی هندەک ژوان شکەستنا ئەمەریکا ل عێراقێ بدیکژمێنت لقەلەم ددەن و تینە زمان،بتایبەتی نڤیسەرەکێ مینا بیتر غریر بدور دزانت ئارامی ل عێراقێ پەیدا ببەت ژبەرڤی شەرێ تائیفەگەری یێ کو ئەڤە پێنج ساڵ درێژە پێ هاتیەدان و دەستێ دەولەتێن هەرێمی بتوندی کەتیە دناڤدا....دیسان دبێژە ئیرۆ عێراق گەهشتە نیڤا ڕێکا گوهارتنێن جیۆپۆلەتیک بەرەو دەریایەکا خویناویا پارچەبوونێ ڤە دچە.هەروەها ئەڤە پێشبینیێن زۆرینا شلۆڤەکەرێن ڕۆژناما مونیتۆر یێن کو زێرەڤانیا بۆچۆنێن ڕێناسا ل دەڤەرێ و ئەمەریکا دکەن و دبێژن سەیری بەلقان بکەن کو دبن ئازارێن پاشڤەڕویا جیۆپۆلەتیک دا دژین لسەردەمێن شەرێن ناڤەڕاستا نۆتاندا.دهەمان دەم دا نڤیسەرێ ناڤدار ئەنتۆنی کوردسمان پسپۆرێ لەشەکری ل پەیمانگا خوەندنێن ستراتیجا ناڤ نەتەوی دبێژە ئیرۆ تەنها ئەمەریکا دخوازێ خوە ژناڤێ شکەستنێ ڕزگار بکەت و هەروەها دبێژە بلا کەس دوێ گومانێ دا نەبێ مەرەما ئەمەریکا ڤە کێشانە ژ عێراقێ و نمونە لسەر هەبوونا لەشکەرێ ئەمەریکا ئینا ل ئەلمانیا و یابان کو ئەڤە ٦٣ساڵە و ل کۆریا ٥٧ساڵ ،ئەفجا چاوا دێ دەست ژ عێراقێ بەردەن!؟گەریانا دیک چینی بۆ ڤێ دەڤەرێ بگشیی و هەرێما کوردستانێ بتایبەتی ئەز دبێژم سیناریۆیەکا بسیاسەت ئیزدیواجی لسەر نەتەوا مەیا کورد و تورک بلەیزی،کو ددەستەکێ ویدا ئاگرە و ددەستێ دیدا ئاگر کوژە!؟دەما مرۆڤ ل میدیا مێزەدکە و گوهداری گفتوگۆیێن چەند لێکۆلەر و سیاسەت مەداران دکە دبێژە دیارە هاتنا دیک چینی بۆ هەرێما کوردستانێ کلەکێ چاڤان ژ سەرۆکایەتیا حکومەتا ئەمەریکا بۆ چاڤێن ڕەشێن مە کوردا و ئازادیا نەتەوا مەیا ئینای ،نزانن شکەستنا لەشکەرێ تورکیا بەرامبەری شەرڤانێن (پە کە کێ) و خەلکێ دەڤەرا مەتین و بامەرنا خوە ڕاگر و هێزا ئیرادا گەلێ مە بویە کو ئیرۆ ئەمەریکا هەرێما کوردستانێ مینا خالەکا هەرە گرنگ ڤەکێشنە ناڤ معادەلا سیاسیا هەرێمێ و جیهانێ بیر ل پرۆتوکۆلەک دی بکەن بۆ گرێدانا پەیوەندیان لگۆر بەرژەوەندا هەڤ پشک و ستراتیجەکێ ڕاستەوخۆ،یانژی ئەم باش دزانین هێریشا لەشکرێ تورکیا ب ئیشارەتا کەسکا ئەمەریکا بوو پاشان زانین کو دی بەرژەوەندێن و وان لڤێ دەڤەرێ تێک چیت و ڕەشوسپی دێ تێکەلی هەڤبن و کوردان ژی ئالتەرناتیف زۆرن.ڕاستە چەند ئەجندایەک چینی لڤێ دەڤەرێ هەبوون ژ بۆی ڕۆژهەلاتا ناڤەڕاست ئەو بو سەردان بۆ عەمان و عێراق و کوردستان و تورکیا و ئەفغانستان و سعودی و ئیسرائیل و فلەستین...دیسان دڤێ ئەجندایێ دا میکانزمەکێ بۆ سێ گۆشەیا کورد و شیعە و سونا پەیدا کەت دناڤ حکومەتێ دا یان بەرەو پارچە بوونێ ڤە ببەت....ئەڤە دناف ئەجندایەکی دیکەدایە کە لگەل توریکا چەند بنگەیەک سیستەمی دژە موچەکی ل وێ دەڤەری دژی هێرشێن ئەیرانێ دابنت. ئەف سەردانا چینی نە دویر ترە ژ سەرەدانا کسەنجەر د ساڵێن حەفتیاندا کە دیسان حکومەتا ئەمەریکا د قەیرانەکا سیاسی و ئابوری دابو...بەلێ دیسان ئەزێ دوبارەکەم و بێژم ئەرێ گەلۆ ئەڤە هەمی نەئیراده و هێزا گەلێ مەبوویە چ ل باکور و باشو چ ل ڕۆژهەلات و ڕۆژئاڤایێ کوردستانێ ڤێ نەتەوێ ببەرخوەدان و خوینا شەهیدێن خوە ئیرۆ دۆست و دوژمنێن مە نەچارکرن دان بڤێ نەتەوێ بدەن بگشتی و هەرێما رزگارکریا کوردستانێ بتایبەتی کو ڤەکێشن و ناف موعادەلا سەرەکیا هەرێمی و جیهانی.بەلێ دیسان ئەزێ بێژم بانگێشکرنا چینی لسەر داخوازا سەرۆکێ ئەمەریکا بۆش کە سەرۆکێ هەرێما کوردستانێ بەرێز مەسعود بارزانی بۆ ئەمەریکا بچت،ئەڤە بخوە ئیحترافەکە فەرمیە بڤێ هەرێمێ و یافەرە بەرێز بارزانی ڤێ دەستکەفتێ ژ دەست نەدەت و ڤێ جارێ دیفاعەکا باشتر ژ هەمی نەتەوا کورد بکەت ل هەر چار پارچێن کوردستانێ ئەگەر هات و تەنها دیفاع ژخوە و پارتیا خوە کر یانژی تەنها ل ڤی پارچێ رزگار کری کر و پارچێن دن پاش گوهکر.نەک تەنها لبەر چاڤێن ئەمەریکیا دێ بچویکبت بەلکو لبەر چاڤێن نەتەوا کوردیش و لاپەرێن دیرۆکێ ژی ڕەحمێ بچو کەسی نابت...دیسان دبێژم سەرۆکێ نمونەیێ نەتەوی ئەوە سەرخوە بوونا کوردستانێ رابگەهینەت و مافێ نەتەوا خوە ل هەر دەرێ بپاریزت چونکە گەلێ مەیێ کورد لڤێ نەورۆزێ هێزا خوە ببەر خوەدانێ و قوربانیا نیشا خەلکێ جیهانێ دا و بتایبەتی شەهیدێن قامیشلۆ و ئامەدێ.....

ڕۆژی جیهانی منداڵان و ڕۆژێک بە نێوی (ڕۆژی ئاشتی) بۆ منداڵان!

لە وڵاتە جۆراوجۆرەکانی جیهان ڕۆژی منداڵان جیاوازە،هەر لە ڕۆژی ٢٠ی نوڤێمبر،(کە ئەم ڕۆژە لە لایەن هەندێک لە وڵاتانی جیهان و بەپێی بریاری کۆنفراسی ساڵی ١٩٢٥ی ژانیو کەلە ژێر ناوی کۆنفراسی جیهانی بۆ منداڵان بە بەشداری نوێنەرانی ٥٤ وڵات بەرێوە چوو و بەکۆی دەنگ بەیاننامەیەکیان تەسویب کرد کە لەودا لەسەر چەند خاڵێکی وەک پێداویستیە سروشتیەکانی منداڵان، ڕزگاربوونی منداڵان لە چنگ هەژاری،پشتگیری لە منداڵانی کار،پێداچوونەوەی سەرلەنوێ بەسەر شێوازەکانی ژیان و چەند مەسەلەیەکی دیکە لە پێوەند لەگەل بیهداشت و ڕفاهی منداڵن کەلە سەرتاسەری جیهان پێداگری کرا بوو،وە بگرە هەتە ١ ژوێن لە هەندێک لە وڵاتانی سەر بە بلۆکی شوورەوی پشوو ١٤ی نوامبر لە هیند و ٥ی مەی لە ژاپن و ٤ی خەزەلوەرتا بەر لە ڕاپەرینی ئێران ٥٧ و هاتنە سەر کاری ڕژێمی سەرمایەداری ئیسلامی لە ئێران.

بەڵام ڕۆژی جیهانی منداڵان لە ڕاستی دا لە لایەن خودی منداڵانەوە وجود هات.لە ساڵی ١٩٨٦ دوو لەسەر سێی خوێندکارانی تەمەن ٩ساڵانە لە قوتابخانەی ئاتاتۆری لە نیۆرک بە نوسینی نامەیەک داوایان لە منداڵانی جیهان کرد تا بەیەکەوە ڕۆژێک بە نێوی ڕۆژی ئاشتی دیاری بکەن.ئەمڕۆژە لە حالەتێکدا مناسباتی ناعادڵانە و چەوسێنەرانی نیزامی سەرمایەداری دنیای منداڵن بە تەواوەتی شێواندووە و تەم ئاسیب بە زیرترین توێژەی کۆمەڵگای بەشەریەتی نوقمی بێ مافی،ستەم و بی عەداڵەتی کردووە.ئاسودەیی ،ئەمنییەت،شادی و خۆشگوزەرانی مافی بێ ئەم لاو ئەولای هەر منداڵێکە،بەڵام زۆربەی منداڵانی جیهان لێی بێبەشن.

ئارمان سنەی

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com